پارێزگاری هەولێر بۆ :

# هەوڵەکانی حکومەت هەولێریان گەنج کردۆتەوە



**هەولێر وەک هەر شارێکی دیکە گەشەی ئاسایی کردووەو هەڵکشاوە بەرەو فراوانبوون، بەڵام چ فراوانبوونێکی بەخێرایی، بەشێوەیەکە هەم ژمارەی دانیشتوانی و هەمیشە ژمارەی گەڕەکەکانی زیادیان کردووە، زیادبوونی ئەمانەش لەگەڵ خۆیاندا پێداویستی و خواستەکانیان زێدەتر کرد، بەتایبەتیش لە بەدیهێنانی خزمەتگوزارییەکاندا، بێگومان بەجێگەیاندن و فەراهەمکردنی حەزو ئومێدەکانی خەڵکیش بوونە خەمێکی لەیاد نەچووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوە بوو لە رێگەی دامەزراوە جیاجیاکانەوە پەرەپێدانی شارەکە چووە جێبەجێکردنەوە، لەمەشدا پارێزگاری هەولێر بەشی شێری بەرکەوت، لەم راپۆرتەدا ئاماژە بەو کارو پڕۆژەو هەوڵ و تەقەلالایانە دەکەین کە ساڵی ٢٠٠٩ ئەنجامدراون لە پێناو زیاتر گەشەپێدانی هەولێردا.**

**دیمانە: هێمن ئاری**

## بەرنامەی پەرەپێدان

لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی بەرنامەی پەرەپێدانی پارێزگادا ژمارەیەکی زۆر کارو پڕۆژە لەسەرجەم کایەکانی ژیانی کوردەواری ئەنجامدراون، سەبارەت بە ئەنجامدانی بەرنامەی پەرەپێدان و چۆنیەتی دابەشکردنی کارو پڕۆژەکان و بێبەشنەکردنی بوارە جیاجیاکان، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەجێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا رەچاوی ئەوە دەکرێت کە هاوولاتی چییان پێویستە تا بۆیان جێبەجێبکرێت، واتە پارێزگا دەپرژێتە سەر خواستی خەڵک و ئەوەی هاوولاتییان پێویستییان پێی بێت هەنگاو بۆ ئەو لایەنە دەهاوێژن، ئەمەش تا رادەیەکی باش ئاسانکاری خستۆتەڕوو بۆ هاوولاتییان.

## شارو شارۆچکەو گوندەکان

بێگومان جگە لەو کارو پڕۆژانەی کە لەناو هەولێردا جێبەجێدەکرێن، هاوکات لەناو شارو شارۆچکەو گوندەکانیشدا دەیان کارو پڕۆژەی جۆراوجۆر ئەنجامدەدرێت، پارێزگاری هەولێر سەبارەت بەم لایەنەش گوتی: هاوکات لەگەڵ ئەو کارو پڕۆژانەی کە لەناو پایتەخت ئەنجامدەدرێت، شارۆچکەو گوندەکانیش بێبەش نەکراون و پڕۆژەکانی پەرەپێدانی دوورترین شارۆچکەو گوندی گرتۆتەوە، هەوڵدراوە کە شتێک بکەین ببێتە مایەی رەزامەندی خەڵک لە حکومەتەکەماندا، ساڵی رابردوو لە رێگەی دامەزراوە جیاجیاکانەوە سەدان پڕۆژەی هەمەچەشن ئەنجامدراون کە سەرجەم بوارەکانی گرتۆتەوە

هەر لە دابینکردنی سەرچاوەی ئاو و تا دەگاتە کارەباو دروستکردنی ڕێگاو شەقام و قوتابخانەو ئاوەڕۆ و بنکەی تەندروستی و یاریگاو پردو چاککردنەوەی ڕێگاو بە کورتی پرۆژەکان تەواوی لایەکانی ژیانی گرتۆتەوە، بۆ ساڵی ٢٠١٠ درێژە بە کارو پرۆژەکانمان دەدەین و بە گوێرەی پێویست هەنگاوەکان دەهاوێژین بۆ ئەو گەڕەک و ئەو شوێنانەی پێویستییان بە ئاوڕلێدانەوە دەبێت، دیارە ساڵی ٢٠٠٩ش لەسەر بودجەی پەرەپێدان ژمارەیەکی زۆر کارو پرۆژەمان جێبەجێکردووەو بە سەخاوەتەوە پارەمان سەرفکردووە، کۆی گشتی پارەی سەرفکراو لە پرۆژەکانی ساڵی رابردوو خۆی لە ٧٩٨ ملیار دینار داوە، ئەوەی مایەی خۆشحاڵیشمانە هەوڵ و کۆششەکان بەرچاون و بەهۆی ئەم پرۆژانەوە هاووڵاتییان لێیانەوە سوودمەندن.

## پلانی ستراتیژی ٥ ساڵە

پارێزگاری هەولێر لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بە بودجەی ساڵی ٢٠٠٩دا گوتی: لە ساڵی رابردووی ٢٠٠٩ وەکو پارێزگا ئێمە ١١٧ ملیارمان هەبووە، بێگومان ئەمەش کە دێت بۆ پارێزگا ئێمەش بەپێی ئەم پلانانەی دامانناوە کە پلانی ستراتیژی پێنج ساڵەمان هەیە، هەروەها لەگەڵ ئەو پلانانەی پێویستن لە فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان ئامادەکراوە لە نێوان ئەنجومەنی پارێزگاو فەرمانگەکان کە پێشتر پلانی پێنج ساڵەیان دارشتووە لەسەر بە ئەنجامگەیاندنی پرۆژەکان، سەرباری ئەوەی پرۆژەو گرفتی دیکە دێتە سەر بەپێی ئەم پلانە کارەکان دەکەین، هەروەها ئەو ١١٧ ملیارەکە دابەشمانکردووە وەکو ڕێژە ٣٥٪ دابەشکراوە بۆ شارەوانی و شارەوانییەکان، هەروەها ٨٫٨٩٪ بۆ ئاوی ناو شارو دەوروبەر دانراوە، ٤٪ بۆ پرۆژەکانی پەروەردە دانراوە، ٤٪ بۆ تەندروستی دانراوە، هەروەها ١٫٦٣٪ بۆ پرۆژەی جۆراوجۆر دانراوە، بۆ پرۆژەی گەشتوگوزاری ٢٫٧٥٪ دانراوە، بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری ١ پۆینت ٨٪ بودجەی بۆ دیاریکراوە، بۆ پرۆژەی دروستکردنی یاریگاو لایەنەکانی دیکەی وەرزشی ٤ پۆینت ٧٤٪، بۆ ڕێگاوبان و هاتوچۆ ٢٠٫٨٦٪ پارەکەیە، بۆ کارەباش ١٦٫١٨٪، واتە ئەم ١٧٪یەی بودجەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە.

## ئەولەوییات بەچی دەدرێت؟

پاشان نەوزاد هادی لە بارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆژەکان و پێدانی ئەولەوییەتیان گوتی: لە پەرەپێدان دانراوە وردەکارییەکانی خەرجکردنەکە چۆن دەبێت، ئەویش پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی خەڵکن وەکو ئاو، ئاوەڕۆ، باخچە، ڕێگەوبان، یاریگا، کارەبا، بنکەی تەندروستی... واتە بەپێی ئەم پلانەی هەمانە کاری لەسەر دەکەین، لە دابەشکردنی پەرەپێدانیش پارسەنگێک هەیە لەگەڵ بودجەی وەزارەتەکان، بۆ نموونە وەزارەتی شارەوانی پرۆژەی ئاوی سۆران جێبەجێدەکات، پێویست ناکات ئێمە لە پەرەپێدانی پارێزگا بچین ئەم پرۆژەیە جێبەجێبکەین، یا ئاوی مێرگەسور و گوندەکانی لەسەر پلانی وەزارەتی شارەوانی بووە، یا وەزارەتی کارەبا، پرۆژەی گوندەکانی ٧٠-٨٠ گوندی سیدەکان و سۆران و دۆڵی ئاکۆیانی لە ڕەواندز و مێرگەسور هەبووە، پێویست ناکات ئێمە بە ئەنجامی بگەیەنین، بۆیە بلانێک دادەنێین لەسەر دابەشکردنی لە نێوان وەزارەتەکان و پەرەپێدان، چونکە ئێمە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەولێر کە پلانەکە دادەنێین هەماهەنگیمان هەیە، ساڵانە پلانەکەیان لێوەردەگرین تا بزانین لەسەر بودجەی وەزارەتەکان چییان بۆ کراوەو چۆن دابەشکراوە، پاشان دێین ئەو پرۆژانەی پێویستن لەسەر بودجەی پەرەپێدان بۆیان جێبەجێدەکەین.

## بودجەیەکی کەمتر

لەبەشێکی دیکەی قسەکانیداو سەبارەت بە پرسیارێکی دیکە لەبارەی جیاوازی پارێزگای هەولێر لە بودجەو سەرفکردنی لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەدا چییە، نەوزاد هادی گوتی: وەکو باسم کرد ئێمە بە ڕێژە ڕێژەیەک کەمترین لەوەی کە دیاریکراوە لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا، دواتریش پارێزگاری هەولێر لە بارەی ئەوەی ئایا بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا بەشێوەی پچڕ پچڕ دەگات بەدەستتان یان لەسەر قۆناغی جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا گوتی: کە پرۆژەکە جێبەجێ دەکرێت لە چوارچێوەی ئەم ١٧٪ بودجەیەی کە هەیە پرۆژەکان ئیعالە دەکرێت و ڕێژەی ئەنجامدراو دەدرێت بە بەڵێندەر، مانگانە بەپێی ڕێژەی ئەنجامدراو سلفەی پرۆژەکان دەدرێت، مانگانە پارەکە لە بەغدا بەیەکەوەنایەت، دێت بۆ دارایی لەوێشەوە مانگ بە مانگ بەپێی پلانەکەی خۆی پارەکەی پێدەدرێت، زۆرجار هەیە سلفەی بەڵێندەرەکان دوادەکەوێت کە لە بەغدا نایەت، ئەمەش بەپێی خشتەی وەزارەتی داراییە.

## هەماهەنگی نێوان پارێزگاو دامەزراوەکان

دواتر لە بارەی هەماهەنگی نێوان پارێزگاو وەزارەتەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان گوتی: پارێزگا سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکارە لە شار، هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان پەیوەندییان بە پارێزگاوە هەیە، پەرەپێدانیش شارەوانی، تەندروستی، کارەبا، ئاو، وەرزش، پەروەردە... تێدایەو دەگرێتەخۆ، پەرەپێدان هەموو سێکتەرەکان لەخۆ دەگرێتەوە، وەزارەتەکانیش بودجەی



خۆیان هەیە، کە وەزارەتێک لە شوێنێک پڕۆژەیەک ئەنجامدەدات ئێمە دەچین لە شوێنێکی دیکە کە پێویستی بەو پڕۆژەیە هەبێ ئەنجامی دەدەین.

## جیاوازی لە جێبەجێکردن

دواتر بەڕێزیان گوتی: کارەکانیش بەپێی پلان و بەرنامە جێبەجێدەکرێت، هەندێ پڕۆژە لە شوێنێ کە جێبەجێکراوە پێ بە پێ لە شوێنەکانی دیکەش جێبەجێدەکرێن، چونکە شوێن هەتا شوێنێکی دیکە جیاوازە کە چی بۆ دەکرێت، ڕەنگە ئەو پێویستییەی باخچەیەک لە هەولێر پێویستی پێیەتی لەوانەیە مەرکەزی قەزایەک پێویستی پێی نەبێت، واتە قۆناغی پێداویستییەکان لە دابەشکردنی پلانەکە جیاوازە، کە پڕۆژەیەک جێبەجێ دەکەیت و بڕێک پارە هەیە، ئەفزەلیەت لە کوێ دەبێت؟ لەناو شار دەبێت، تۆ دەبێ بزانی هەولێر یەک ملیۆن کەسی تیادا دەژی، تا ئێستاکە باخچەو شوێنی حەوانەوەی نەبووەو جیاوازە لەگەڵ شەقڵاوە، شەقڵاوەش خۆی شوێنی گەشتوگوزارو حەوانەوەیە، بۆیە دەبێ بەپێی پلان و بەپێی ئەو بودجەیەی لەبەردەستە لە شوێنی پێویست جێبەجێدەکرێت، بەڵکو لە دارەتوو شوێن بۆ پارک و باخچە دانراوە، لە بەحرکە دروستکراوە لە خەبات... ئەوە نییە کە بڵێین هیچ نەکراوە!

## کەم و کوڕییەکان دیاری دەکرێت

پارێزگاری هەولێر لە بارەی بەرنامەی زیاتر بۆ پەرەپێدانی شارو شارۆچکەکان ئەوەشی گوت: بەپێی پلانی پێنج ساڵە ساڵانە کار بۆ شارەوانی و پارک و کارەباو...کارەکان دەکەین، کارەکانیش بەپێی پلان دەکرێن، چونکە ئیمکانیەت و بودجەکە بەوشێوەیە نییە بڵێین لە هەموو شارو شارۆچکەیە پڕۆژەکان وەک یەک جێبەجێبکەین، بۆیە دەبێت باشترین مەرکەز هەڵبژێرین تا هەموویان سوودی لێوەربگرن، ڕەنگە بۆ ساڵانی داهاتوو گەر ئیمکانیەت هەبێ لە شوێنێکی دیکەش پڕۆژەکە جێبەجێ بکرێت، بۆیە دەبێ بزانرێ ئەفزەلیەت و ئەولەوییەت دەدەیت بە کوێ بەپێی ئەو پارەیەی لەبەردەستە، کەموکوڕییەکانیش دیارن کە چەندە.

لە بارەی دروستکردنی بەرزەپردو تونێلی دیکە لە شەقامە گشتییەکانی سەنتەری شار بۆ کەمکردنەوەی جەنجاڵی و بەرنامەیان لە ساڵی تازە نەوزاد هادی گوتی: بە دڵنیاییەوە ئێمەو وەزارەتی شارەوانی بەرنامەمان هەیە، پلانمان بۆ چوارڕیانی نەخۆشخانەی رزگاری و مزگەوتی ئیبراهیم گەردی هەیە، بەڵام تا ئێستا کارمان تێدا نەکردووە، هۆکارنەبوونی بودجەی پێویستە.

# بیرۆکەیەکی نوێ
# بۆ هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان



بەکر کەریم حەسەن*

لەگەڵ پەیڕەوکردنی سیستەمی نوێی پەروەردەیی دوو ساڵە مامۆستا و یاریدەدەر و بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاران ساڵانە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، هەر یەکەیان بەپێی پێوەری دانراو لەلایەن بەرپرسی تایبەتی خۆیەوە بۆی ئەنجامدەدرێت. ئەوەی مایەی هەڵوەستەکردن و هەمواركردن و پێداچوونەوەیە ئەوەیە کەوا هەر چەندە هەڵسەنگاندنەکان لە چەندین سەرچاوەی راستەوخۆی تایبەتمەندارتر بێت و وردتر و دروستتر دەبێت، هەر بۆ نموونە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان راستەوخۆ لەلایەن سەرپەرشتیاری کارگێڕییەوە هەڵدەسەنگێنرێن و نمرەکانیان بۆ لەسەر (١٠٠) دادەنرێت، دیارە سەرپەرشتیاری کارگێڕی ساڵانە (٣) سەردان بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دەکات کە ئەوانیش سەردانی رێنمایی و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنن، هەر لە ئەنجامی ئەم سەردانەدا هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەر لەلایەن سەرپەرشتیاری کارگێڕییەوە گەڵاڵە دەبێت، تا ئێرە کردارەکە دروستە، کەچی ئەگەر ئەم هەڵسەنگاندنە شی بکەینەوەو وردتر لێی بڕوانین لەوانەیە زیاتر هەڵسەنگاندنەکان پتر ئەرێنی و زانستی خۆیان بنوێنن، لەبەرئەوەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بۆ راپەڕاندنی ئیشوکاری قوتابخانەکانیان لە رووی میلاک و ئەزموونەکان و پلاندانان و ژمێریاری و وەرگرتنی پەرتووک و وەڵامدانەوەی نووسراوەکان و دابینکردنی پێداویستییەکان مانگانە چەندینجار سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بکەن، ئەمە جیا لە سەردانی بەڕێوەبەری پەروەردە بۆ قوتابخانەکان و بینینی ئیشوکاری بەڕێوەبەرەکان لە هەموو روویێکەوە و بەشداربوون لە کۆڕو کۆبوونەوە و سەردانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بۆ لای بەڕێوەبەری پەروەردە کە ئەمانەش دەچێتە چوارچێوەی هەڵسەنگاندن.

ئەگەر بەڕێوەبەرێکی پەروەردە زانیاری تەواوی لەسەر بەڕێوەبەری قوتابخانەکان چ لە رووی تیۆری یان پراکتیکییەوە بێت کە تا چ ئاستێک کارامەیی هەیە لە بەڕێوەبردنی قوتابخانەکەی و رادەی ئاست و توانا و بوێری پەروەردەیی و هەروەها ئاستی وشیاری و گونجاویی لەگەڵ دەستەی مامۆستایان و توانای بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابخانەکەی بێگەیاندنی بۆ پەروەردە، جگە لەمانەش دەکرێ بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا راستەوخۆ بە نووسین داوا لە بەرپرسی بەشەکانی نێو پەروەردە بکات ساڵانە راوسەرنجی خۆیان، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان تۆماربکەن لە ئەنجامی ئیشکردن و هەڵسوکەوت کردنیان لەگەڵ یەکتری و دواتریش تێبینییەکانیان بگەیەننە بەڕێوەبەری پەروەردە وەک چۆن ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتی پەوەردەی خەبات ئەوەمان ئەنجامداوەو ئەمانەش دەبنە هۆی هەڵسەنگاندنی راستەوخۆ بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، بۆیە وا بە پەسند دەزاندرێت بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنەکان تەنها لەلای یەک کەسەوە نەبێت کە زۆرجار لەوانەیە پەیوەندی کەسی و هەوەس و بەرژەوەندی و یانیش لەیەک نەگەیشتن ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنەکان بە ئاقاری راستدا نەڕۆن و ئەنجامەکان چەوتیان تێبکەوێت.. ئەوسا گلەیی و نارەزایی لێدروستدەبێت، بۆیە وا باشە هەڵسەنگاندنەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە لەلایەن سەرپەرشتیاری کارگێڕی قوتابخانەکە و بەڕێوەبەری پەروەردەکانەوە بەمشێوەیە ئەنجامبدرێت:

أ. (٧٠) نمرە لای سەرپەرشتیاری کارگێڕییەوە بێت و بەپێی ئاستی بەڕێوەبەرەکە پیشانیدەدات لەلایەن ئەو هەڵبسەنگێندرێت.

ب. (٣٠) نمرە لەلای بەڕێوەبەری پەروەردەوە بێت و بەپێی ئەو سەرنجانەی لەسەرەوە باسمان لێکرد بیداتە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان.

بەدڵنیاییەوە پێویستە هەماهەنگی تەواو لە نێوان پەروەردە و سەرپەرشتیارانەوە دەبێت هەبێت بۆ ئەوەی ئیشوکارەکان تۆکمەتر بەڕێوەبچن و پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنیش بەهۆیەوە پێشکەوتووتر دەبێت.

*** بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات**

# پەرلەمانتارانی ئەمجارەی کورد لەبەغدا ٠٠ لەنێوان قۆناغێکی تازەو کارو ئەرکێکی سەخت و دژواردا



عەزیز هەریری

دوای کەمتر لەهەفتەیەکی دیکە لەسەرتاسەری عێراق و لەهەرێمی کوردستان پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن دەست پێدەکات، لەم پرۆسەیەدا هەموو ئەو هاووڵاتییانەی تەمەنیان گەیشتۆتە (١٨ساڵان) بەپێی یاسا مافی ئەوەیان هەیە دەنگ بۆ ئەو پاڵێوراوانە بدەن، کە لەسنووری پارێزگاکانیانەوە لەلایەن حزب و لایەنە سیاسییەکانەوە ناویان لە لیستەکانی دەنگداندا هاتووەو، پاش بەدەستهێنانی متمانەی خەڵکی کوردستان و عێراق لەپەرلەمانی عێراقی فیدراڵدا ئەوانیش وەک ئەو بەڕێزانەی پێش خۆیان، کە لە چوار ساڵی رابردوودا نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان و عێراقیان کرد، دەبنە نوێنەری سەرجەم خەڵکی کوردستان و عێراق بەهەموو نەتەوەو چین و توێژەکانیانەوە، رەنگە خەڵکانێکی زۆر چ لەهەرێمی کوردستان و چ لەشاروشارۆچکەکانی دیکەی عێراقیش سەبارەت بەبەشێکی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا پۆستی پەرلەمانتارییان وەرگرتبوو بیروبۆچوونی جودا جودایان لەلا دروست بووبێت، کە بەشێکی زۆریان وەکو پێویست ئەرکی خۆیان بەجێ نەهێنابێت هەر لەدەوام کردنێکی ڕێکوپێکەوە بگرە تا دەگاتە قسەنەکردن لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییە هەستەوەرەکان، کە دەبوو ئەوانیش وەک زۆر لەهاوکارانی خۆیان ئامادەبوون و هەڵوێستی دەنگدەرەوەیان ببوایە ٠

دیارە نکوڵی لەوە ناکرێت، کە ئەو بەڕێزانەی بۆ چوار ساڵی دیکە لەپەرلەمانی عێراقی فیدراڵدا دەست بەکار دەبن و دەبنە نوێنەری خەڵکی کوردستان بەتایبەتی و عێراق بەگشتی، جودا لەساڵانی ڕابردوو چ بەهۆی ئەو ڕەوشە نالەبارو دژوارەی کە ڕەنگە بۆ داهاتوویش لەشارەکانی باشووردا درێژەی هەبێت و بەردەوام بێت، یان بەهۆی تاوانی مرۆڤکوژی و ڕەفتاری نامرۆڤانەی گرووپەکانی تیرۆرکاری، چ ئەوانەی لەلایەن پاشماوەکانی بەعسی فاشی لەناوەوەی وڵاتی عێراقەوە بۆ کاری کوشت و کوشتار ئامادەو تەیاردەکرێن، چ ئەوانەیش کەلەدەرەوەی سنوورەوە بەکرێ دەگیرێن و بۆ کاری تێکدەرانەو نانەوەی پشێوی و ئاژاوەی بەردەوام لەڕێگەی چەند وڵاتێکی نەیاری عێراقەوە ڕوو لەشارو شارۆچکەکانمان دەکەن و کاری خۆکوژی ئەنجام دەدەن، کە لەئاکامدا خەڵکانێکی بێگوناه لەنێو دەچن و دەبنە قوربانی، یان بەهۆی ئەو هەڵوێستە نەشیاوو نادرووستەی وڵاتانی دەوروبەریش کە بەشێکی زۆریان لەوەیان خۆش نایەت وڵاتی عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە هێمنی و ئارامی بەخۆیەوە ببینێ و دیموکراسییەتی تێدا بەرقەرار بێت، بێشک لەئەنجامی هەموو ئەوخاڵانەی کە لەپێشەوە ئاماژەم بۆیان کرد ئەو پەلەمانتارە بەڕێزانە بەرەو ڕووی کارو ئەرکێکی سەخت و دژوار دەبنەوە.

لێرەدا پێویستە ئەوەیش بڵێم، کە ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش، کە لەپەرلەمانی داهاتوودا نوێنەرایەتیی گەلی کورد دەکەن، ئەوان بەر لەهەر شتێک پێویستە بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردو تەواوی خەڵکی کوردستان لەبەرچاو بگرن و، کاندیدی هەموو ئەو لیستانەیش کەپۆستی ئەندام پەرلەمانی وەردەگرن دەبێ بەهیچ شێوەیەک خۆیان لەخەڵک و هاووڵاتییان بەدوور نەگرن، بەڵکو واپێویست دەکات بەردەوام بەدواداچوون بۆ کێشەو گرفتی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بکەن، بۆ ئەوەی لەنێو تەلاری پەرلەماندا بکارێن بەدەنگێکی بەرزو زوڵاڵەوە بەرگری و گوزارشت لەو کێشەو گرفتەکان بکەن، لەهەمانکاتیشدا ڕێگەچارەی یاسایی شایستەو گونجاویان بۆ بدۆزنەوە.

پێویستە پەرلەمانتارانی کورد لەپەرلەمانی داهاتووی عێراقی فیدراڵدا بەرنامەڕێژییەکی تۆکمەو زانستانە بۆ کاری خۆیان بکەن، بەمەبەستی سەردان و بەسەرکردنەوەی هەمیشەو بەردەوامی شارو شارۆچکەو گوندو دێهاتەکانی سەرتاسەری کوردستان بۆ ئاشنابوون بەهەر کێشەو گرفت و ئاستەنگێک کە لەو شوێنانەدا هەبێت و، دواتر هەموو ئەو داخوازیانەی بەرەو ڕوویان دەکرێنەوە ئەگەر پێویستی کرد لە ڕێگەی پڕۆژە یاسای گونجاوەوە بیانخەنە بەردەم پەرلەمانەوە تاوەکو بەشێوەیەکی یاسایی چارەسەری پێویستییان بۆ بکرێت، دیارە بۆ خستنەڕووی هەر کێشەو گرفتێکیش کەهەبێت پێویست بە بوونی یەک هەڵوێستی و یەک دەنگی پەرلەمانتارانی کورد دەکات، لەهەمانکاتیشدا پێویست بەوە دەکات پەرلەمانتارانی کورد لەبەغدا بەوپەڕی ئازایەتی و جورئەتەوە بەرگری لەبۆچوونەکانیان بکەن ٠

هەروەها پەرلەمانتارانی کورد لەپەرلەمانی داهاتوودا دەبێ پێداچوونەوەیەکی وردو زانستانەو یاسایی بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ بکەن و، هەموو ئەو مادەو برگانەیش کە پەیوەستن بەگەلی کوردەوە پێویستە کۆڵینەوەی وردیان لەبارەوە بکرێت، بۆ ئەوەی لە هەر خاڵێکی کە هەست دەکرێت لەداهاتوودا لەلایەن گرووپ و لایەنەکانی دیکەوە ئاستەنگی بۆ درووست دەکرێت، هەر لەئێستاوە خۆیانی بۆ تەیار بکەن و،جێگرەوەو وەڵامدانەوەی پێویستیشی بۆ ئامادەبکەن ٠

دیارە دەبێ ئەمجارەیان جودا لەچوار ساڵی ڕابردوو بیر لەوەیش بکرێتەوە، کە هاوئاهەنگییەکی زۆر تۆکمەو بەهێز لەنێوان نوێنەرانی گەلی کورد لەپەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان دا هەبێت، هەڵبەتە ئەویش بۆ باسکردن و تاووتۆکردنی هەر کێشەو گرفتێکی چارەنووسازی پەیوەست بەگەلی کوردو کوردستانەوە، کە لەپەرلەمانی عێراقدا سەرهەڵدەدات، پێویستە گفتوگۆی تێروتەسەل و یەکلاکەرەوەی لەبارەوە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی کورد لەبەغدا لەخستنەڕووی بیرو بۆچوونەکانیاندا یەک دەنگی و یەک ڕەنگی لەهەوڵوێستەکانیاندا ڕەنگ بداتەوە.

هەردیسان پێویستە پەرلەمانتارانی کورد لەبەغدا بۆ قۆناغی دادێ هاوئاهەنگییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەت و داوودەزگاکانیدا هەبێت، لەهەمان کاتیشدا دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەر کێشەو ئاستەنگێکی کە لەنێوان داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و، حکومەتی عێراقی فیدڕاڵدا دێتە پێشێ، بەردەوام بەداتاو زانیاریی ورد نوێنەرانی گەلی کورد لەپەرلەمانی عێراق لێی ئاگادار بکرێنەوە.

بێگومان هەموو ئەو بۆچوونانەو زۆری دیکەیش بۆ چوار ساڵی داهاتوو دەبنە مایەی ئەوەی، کە نوێنەرانی کورد لەپەرلەمانی عێراقی فیدڕاڵدا چالاکانە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و، ئەو کارو ئەرکەی لەئەستۆیان گرتووە وەکو پێویست جێبەجێی بکەن و بەدرووستی بەئەنجامی بگەیەنن.

**Traffic**

## لێخوڕینی سەلامەتی لەماتۆڕسیکل



*** یوسف محەمەد بازیانی**

وەک ئاشکرایە ماوەیەکە ڕووداوەکانی ماتۆڕسیکل ڕوو لەزیادبوونە ئەمەش لە ئەنجامی هەندێ لەشوفێرانی ماتۆڕسیکل کە مێردمندالآن هێشتا تەمەنی یاسایان تەواونەکردووە، هەرچەندە کارمەندانی هاتووچۆ کەمتەرخەم نەبوونە لەسزادانیان، بەڵام هەندێ لەم شوفێرانە بەسەرشێتانە و نەبوونی وشیاری هاتوچۆ شەقامەکان بەکاردەهێنن، بۆیە لێرەوە بەپێویستی دەزانم کە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت بۆ سەلامەتی شوفێر.

١- کڵاوی ئاسنینی (خوزە)، یەکێکە لەگرنگترین ئامرازەکانی بۆ پارێزگاری تایبەتی لە ماتۆڕسیکلدا، چونکە هەڵدەستێ بە پارێزگاریکردنی سەر لەکاتی کەوتندا، چونکە ئاشکرایە زۆرجار بریندابوونی سەر دەبێتەهۆی مردنی شوفێرەکە، یاخود ئەوەی لەگەڵیدایە لەوکاتەدا کە ئەو کڵاوەی لەسەردا نەبێت، هەروەها سوودێکی دیکەی ئەم کڵاوە دەبێتە هۆی پاراستنی سەرو چاو لەکەشوهەوای سارد و گەرمدا و خۆڵ و خاشاکدا لەکاتی لێخوڕینی خێرادا.

٢- دەبێت جلی تایبەت بەماتۆڕسیکل لەبەر بکرێ، چونکە هەندێجار ئەم جلانە دروستکراوە لەمادەی زۆر بە مقاومە و بەرەنگاری لێکخشاندن دەکات لەسەر ئەرز و زەوی دا، چاکترینیان ئەو جلانەن کە لەپێست دروست کراون.

٣- دەبێ پوت و قۆندەرە و پێڵاوی تایبەت بە کاربهێنرێت تاکو نەبێتە هۆی کەمئەندامی و بریندابوونی جەستەی و پەنجە و قاچ و دەستی تاکو بەسەربەستی بەکاریبهێنیت.

٤- دەستکێش زۆر گرنگە بۆ گرتنی سوکان و بەتایبەت لەکاتی کەوتندا لەوەرزی زستان و سەرما و سۆڵ و باران باریندا.

٥- قایشی لەپشت دەکرێت لەناوقەد دەبەسترێ، کاری ئەمەش پاڵپشتە بۆ قایمی پشت و لەکاتی لێخوڕیندا ئەمەش وادەکا شوفێری ماتۆڕ زۆر بە ئیسراحەت دانیشێ و لێخوڕین ئەنجام بدەت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هەروەها قایش زۆر باشە بۆ هەردوو گورچیلە لەکاتی سەرما و سۆڵەدا لەزستاندا، بەڵام پاراستنی تایبەتی پشتە.

٦- بەکارهێنانی جلی فسفۆڕی بەتایبەت لەکاتی شەودا.

*** عەقیدی خانەنشین**

## پڕۆژەی دروستکردنی تەلاری بەڕێوەبەرایەتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەسلێمانی

لەدرێژەی دروستکردنی باڵەخانە بۆ دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری سلێمانی و لەسەر بودجەی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەستکراوە بەدروستکردنی تەلارێکی زۆر گەورەو مۆدێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەسلێمانی بەگوژمەی (٦,٠٠٨,٤٧٨,٠٠٠) دینارو ماوەی پڕۆژەکە (٩١٢) ڕۆژە لە ٦٥٪ی کارەکانی تەواوبووە، لایەنی جێبەجێکار کۆمپانیای سەرمۆردەو ئەندازیاری کۆمپانیا (دیاری عەبدول)ە جگە لە ژێرزەمینەکەی تەلارەکە لەشەش نهۆم پێکدێت.

**هونەر کەمال- سلێمانی**



## دەستتان خۆش، بەڵام بەو شێوەیەش نا؟!

ئێمەی کورد هەمیشە وا ڕاهاتووین کە هەموو کارێک بە جیدییەوە ئەنجامبدەین بۆ ئەوەی ئەو پارەیە حەڵاڵ بکەین کە بەرامبەر کارەکە پێمان دەدرێت، بەڵام ئەوەی جێگای داخە زۆرێک ئەو لایەنە لەبەرچاو ناگرن و ئەرکی سەرشانیان بەشێوەیەکی ئەوتۆ ڕاناپەڕێنن کە خەڵکان لە بەرامبەریدا هەست بە ئاسوودەیی بکەن.

ئێمە زۆرجار دڵمان بە کرێکارانی شارەوانی دەسووتێ کە ڕۆژانە زبڵ و خاشاکی کۆڵانەکان پاکدەکەنەوە، چونکە بەڕاستی ئەرکێکی مرۆیی ئەنجامدەدەین، بەڵام ئەوەی جێگای داخەو تا ئەندازەیەکی زۆریش بۆتە مایەی گلەیی و بێزاری خەڵکی، کاتێک کرێکارەکان تەنەکەی زبڵەکە لە ناوەڕاستی شەقامەکە فڕێ دەدەن و بەو کارە ڕێگای هاتوچۆ لە ئۆتۆمبێل و پیادە دەگرن، دیارە ئەو دیاردەیە هەموو جارێک دووبارە دەبێتەوە، ئێمە هەمیشە ئافەرین، دەستخۆشی لەو کرێکارە ماندوونەناسانە دەکەین کە بەبەردەوام خزمەتی ئێمە دەکەن، بەڵام بەو کارەیان ڕقی خەڵکی دیکە زیاتر هەڵدەستێنن، چونکە کە تەنەکەی زبڵەکەتان بەتاڵکرد، دەکرێ بیخەنەوە شوێنی خۆیان خێرتان دەگاتێ.

**عەبدولستار جەبار**

# ئەگەر دەزانی چۆن دروست دەکرێت؟

**شێروان ئیبراهیم حەیدەری**

هەتا ئێستا لە هەندێک فڕنییەکان نانەواکانیان بەدەست هەویر دەشێلن، هەندێکیان نینۆکیان هەیە نینۆک زەبالی هەموو پیسییەکە و هەرچی هەیە لەوێندەر خۆی لەژێر نینۆکەکان مات دەکات، هەندێکیان جگەرەکێشن بەدەستی بۆن جگەرەوە هەویرەکە پان دەکەنەوە، هەندێکیان لەکاتی شێلانیش هەر خەریکی کێشانی جگەرەن هەندێجاریش سۆتەکیش دەکەوێتە ناو هەویرەکە، لەهاویناندا بەچۆڕاگە ئارەقە تێکەڵ بەو هەویرە دەبێ و خۆی لەگەڵ لێک دەدات، بێجگە لەوەش ئەو تەختەدارەی کەجێی سڕەی پارەیە و نانی لەسەردادەنرێ زۆربەی پیسە، لەهەندێک نانەواخانەدا پارچە ئاسنێکی ژەنگاوییە ئەو جێگایەو نانی فڕێ دەدرێتە سەری یان پەڕۆیەکی بۆری پیس لەسەر ئەو پارچە تەختە یان ئەو پارچە ئاسنە ژەنگاوییە هەیە کە بێزت لێدەبێتەوە، ئەوەی دەبینێ شتێکە، بەڵام ئەوەی لە ماڵەوە بۆی دێتەوە لرفی دەکات ئاگای لێ نییە.. ئەو نانە بەچەند قۆناغی پیس و پاک تێپەڕیووە، دەزگای چاودێری تەندروستی لای ئێمە بەردەوام لێبوردەیە و هەندێجار چاوی شتەکان نابینێ، لەوانەیە یەکێک بپرسێ بڵێ ئاخۆ کەی ئەمە کێشەیە خەڵک دەتوانێ سەموونی ئۆتۆماتیک بکڕێ و بیخوات لەکاتێکدا هەویرەکەی وەکو بەفر سپییە و بەهەویر شێل دەشێلرێت، بەڵام ئەم سەموونەش گرفتی هەیە لەبەرچی؟ ئەو سەموونە بەس توێکڵی دەبرژێ، گوایە بە ڕێگای هەڵمێن دەبرژێ بەناوەخنی کاڵە وەکو لۆکەیە و هیچی دیکە نییە، لەوانەیە پێم بڵێی ئەگەر سەموونێک بهێنیت لەو سەموونە ئۆتۆماتیکییانە بیخەیتە ئاوەوە یەکسەر هەڵدەوەشێتەوە ئابەو شێوەیە لەگەدەش هەرس دەبێ من پێت دەڵێم: ئەو پەیوەندی بەو ئاردە سفرە بەفرەیە کە خۆڕاگر نییە لەکاتێک ئاردی سفر وەکو هەموو دکتۆرەکانی سک و هەناو دەڵێن بەتەنیا باش نییە بۆ دروستکردنی نان و پێداویستییەکانی دیکە وەکو کێک و کولیچەو برمە و هەمووشێوەکانی دیکە.. سەموونی ئۆتۆماتیکی شێوەی تۆپەڵە ئەنگوتکەکە یەک تۆز درێژکراوەتەوە یان پانکراوەتەوە بۆیە تەنیا توێکڵی دەبرژێ، ئەگەر داواکار داوا لە نانەوا بکات، نانی بۆر یان ڕەش کە هەویرەکەی تەواو سپی نەبێ ئەو پەسندترە لە رووی پزیشکییەوە، بۆیە ئەوانەی کە پارێزی دەکەن نانی جۆ دەخۆن لەبەر ئەوەی ڕێژەی شەکری کەمترە، هەروەها کەمتر دەبێتە ئەوەی کە لەشت قەڵەو ناشرین بێت.. سەموونی حەجەریشمان کە لەفڕنی دێتە دەرەوە ئەگەر بەگەرمی بخورێ دەخورێ، بەڵام ئەگەر مایەوە هیچ تامێکی نامێنێ، بێجگە لەوەش ئەوانەی کە بۆ جاری دووەم ئارد لێدەکەنەوە لە ئاشەکانی ناو بازاڕی مەبەستم تەنیا لێکردنەوەی ئاردە بۆ جاری دووەم سەیر دەکەی پیسە بەدەر لەنانیش لەزۆربەی شوێن هەتا ئێستا بەپێ (دۆشاو) و (سرکە)و ئەم شتە بابەتانە دروست دەکرێن، برادەرێک دەیگوت کە لەناو کارەکەدایە: (زۆرجار ئەو پێیە خاوێن نییە، یان سەرتاپای قەڵشتییە تەنیا ئاوێکی پێدادەکات و بەسەری دەکەوێ، خەڵکیش لەبەرهەمی ئەو پێیە دەخوات، لەوانەیە بەشێک لەدروستنەکردنی گرفت لە ئەنجامی ئەو کوڵانە زۆر بێ کە دەیکوڵێنن میکرۆبەکان بکوژێ، یان خوودی مادەکە بێ کە خۆی لەخۆیدا زۆربە سوودە لەوانەیە هەندێجار گرفت پەیدا بکاو ئەوەی دەیخوا پێی نەزانێ یان هەستی پێ نەکات، بەڵام هەندێک کەس دوای ئەزموونی خۆیان لەڕێگای کۆن و نوێ دا هەستیان کردووە بەپێ پیسەو خاوێن نییە هەڵساون بەکڕینی (پۆتینی) تایبەت بۆ ئەوساتەی کەخەریکی دروستکردن دەبن و پاشان فڕێی دەدەن، ئەگەرچی کارەکەشیان خۆماڵییە لەکۆتایی دەڵێم: ئەگەر هاتوو مرۆڤ ویژدانی هەبێ و هەستی زیندووبێ دەبێ، ئەوانەی ئەو کارە ئەنجام دەدەن پاک و بێگەردبن، چونکە ئەستۆی ئەو خەڵکە لەژێر دەست و پێی ئەوان دایە، چونکە مرۆڤی هەست زیندوو هەست بە ئازاری بەرامبەرەکەی دەکات.





**نەهرۆ عوسمان**

## بڕیارێکی جوامێرانە

لای هەمووومان دیارە و ئاشکرایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک بڕیاری گرنگیدا کەبووە هۆی دڵخۆشی هاووڵاتییان و تەواوی کوردستان، پێش هەموویان لابردنی پێشینەی خانووبەرە کە دەمێکە هاووڵاتییان بە پەرۆشی ئەمجۆرە بڕیارانە بوون، بەڵام حەرام و حەڵاڵ وایلێکردبوون زیاتر لە وەرگرتنی دووربن.

بەهۆی ئەم زیادە خستنەسەری ئەو هاووڵاتییانەی کە ئامادەنەبوون لەوەرگرتنی و هەروەها لابردنی بۆتە هۆی وەرگرتنی لەلایەن هاوڵاتیانەوە بەبێ دوو دڵی هاووڵاتییان ڕۆژانە بەردەوامن لە مامەڵەکانیان بۆ وەرگرتنی سولفەی عەقار.

لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەم بڕیارە کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران درا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نرخی زەوی روو لەبەرزبوونەوەدایە کە گرفتێکی تەواوی بۆ هاووڵاتییان کەم دەرامەت دروستکردووەو هەروەها لەلایەکی دیکەوە کەلوپەلی بیناسازی بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت، ئێمە دەپرسین: بۆ لەگەڵ ئەم بڕیارە تاڕاددەیەک کەلوپەلەکان رووی لەبەرزکردنەوە کردووە کە بەبێ ئەوەی سنوورەکان بەرزبوونەوەیەکی بەخۆیەوە بینیبێ کە ڕۆژانە بە هەزاران بارهەڵگری کەلوپەلی بیناسازی روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن و جگە لەبەرهەمی خۆماڵی، کەواتە لەخۆیانەوە نرخی پێداویستییەکانی خانوو گران بکەن، بەم هۆیەوە روو لە وەرزی بەهار و هاوین دەکەین لەم وەرزانەدا هاووڵاتییان دەست دەکەن بە دروستکردنی خانوو لە خۆئامادەکردندان، بۆیە داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین هەرچی زووە بەدوای هۆکاری بەرزبوونەوەی زەویوزارو نرخی پێداویستییەکانی خانوو دابچنەوەو ڕێگە بگرن بۆ ئەوەی هاووڵاتیان زیاتر نیگەران نەبن لەبەرزبوونەوەی نرخەکان.

# ئەرێ نرخی کارەبا زۆر نییە؟



**ئەندازیار (حوسێن حەمەد قادر) بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر لەم دیمانەیەی لە پرسە پەیوەندیدارەکانی سیستمی نوێی زیادکردنی نرخی کارەبا دەدوێت.**

**دیمانە: نزار گزالی**

*** ئێستا بەشێوەیەکی گشتی و بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو لەلایەن حکومەت و وەزارەتی کارەبا زۆر جەخت لەسەر وەرگرتنی کرێی کارەبا دەکرێتەوە، ئایا مەبەست لەوە چییە؟**

– سیستەمی وەرگرتنی کرێی کارەبا لەسەرجەم وڵاتانی دونیا پەیڕەو دەکرێت، مەبەست لێی دوو خاڵی سەرەکییە، یەکێکیان کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی کارەبایە، مەبەست لەو کۆنترۆڵ کردنەش ئەوەیە تا کاتەکانی هەبوونی کارەبا زیاد بکەین، هەروەها ئەو کارەبایەی دەگاتە هاوبەشانیش بە شێوەیەکی دروست بێت و لەهەمانکاتدا هاوبەش زێدەڕۆیی نەکات لە بەکارهێنانی کارەبا، دووەمیان کۆکردنەوەی داهاتە بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی کارەبا.

*** بۆچی هی بازرگانییە گەورەکان و جۆری کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان مانگانەیە؟**

– ئەوانە لەبەر ئەوەی کرێکەیان زۆرەو ژمارەشیان کەمە، بۆیە بەشێوەی مانگانە پارەیان لێوەردەگرین.

*** ئێمە لەلایەن هەندێک هاوڵاتی سکاڵامان بەدەست گەیشتوە و باس لەوە دەکەن، کە بەو شێوەیەی لەسەرەوە ئاماژەت پێدا بەتایبەتی هاوبەشی ماڵان، دوومانگ جارێک نەچونەتە لایان و بەڵکو لەناکاو رۆشتونەو گوتوتانە ٦ مانگ کرێ قەرزدارن و نرخەکەش لەسەر هاووڵاتیان زۆر وەستاوە، ئایا ئەمە بۆ؟**

– خۆی ژمێرکارانی ئێمە دوو مانگ جارێک بەسەر ماڵاندا دەگەڕێن ئەو ژمارە ماڵەی کە بۆی دیاریکراوەو لە رۆژێکدا بیخوێنێتەوەو کرێکەی وەربگرێت، جاری واهەیە وا رێکەوتووە خاوەن ماڵ لەماڵ نەبووە، رەنگە ئەو حاڵەتە چەند جارێکیش دووبارە بووبێتەوە، ئیدی ئێمە لە رێگەی ئەو ژمێرکارنەوە بۆ ئەو ماڵانەی کە لەماڵ نین، پسولەیەکی ئاگادارکردنەوەمان هەیە، کە لەشێوەی لەزگەدایەو لەقەد دەرگاکە دەدرێت و ئاگاداری خاوەن ماڵ دەکەینەوە کە بەزووترین کات سەردانی بەشی فرۆشیاری وزە بکات، چونکە بە پێی رێنماییەکان هەر هاوبەشێکی کارەبا ئەگەر دوومانگ پسولەی کارەبای بۆ نەچوو پێویستە سەردانی بەشی فرۆشیاری وزە بکات، بەڵام هەر هاوبەشێک ئەگەر ئەوە نەکان کرێکەی لەسەر کۆدەبێتەوە.

*** بەڵام هاوبەش هەیە ئەو هۆشداریکردنەوەی کە تۆ ئاماژەت پێدا نەیبینوە، یاخود لە دەرگاکای نەدراوە؟**

– وەکو گوتم ئەوە لەزگەیەکەو لەقەد دەرگاکە دەدرێت و قابلی ئەوەیە کە لێبکرێتەوە، بەڵام ئەو لەزگەیە ئەگەر هەبێت و ئەگەر نەبێت، وەکو ئاماژەم پێدا ئەرکی هەر هاوبەشێکی کارەبایە ئەگەر دوومانگ پسولەی کارەبای بۆ نەچوو پێویستە سەردانی بەشی فرۆشیاری وزە بکات.

*** ئایا سیستەمی پارە وەرگرتن و نرخەکە چۆنە؟**

– سیستەمی نرخ لەسەر شێوازی بەرز بوونەوەیە، واتە هەر هاوبەشێکی کارەبا لە مانگێکدا هەرچەندە زیاتر کارەبا سەرف بکات نرخی یەکیە کارەباکەی زیاتر دەبێت، بۆ نموونە هاوبەشانی جۆری ماڵانمان ئەگەر لە مانگێکدا لەیەک یەکە تاکو ٤٥٠ یەکە سەرف بکات، نرخی هەر یەکەیەک (١٥) دینارە،لە(٤٥٠) یەکە تاکو (٩٠٠) یەکە دەبێتە (٢٠) دینار، لە (٩٠٠) یەکە تاکو (١٥٠٠) دەبێتە (٣٥) دینار، لە (١٥٠٠) یەکە تا (٢١٠٠) یەکە دەبێتە (٦٠) دینار و بەم شێوەیە بەرز دەبێتەوە، بۆیەش وا دانراوە کە هاووڵاتی درک بەوە بکات، چەند کارەبا زیاتر سەرف بکات نرخی زیاتری لەسەر حساب دەکرێت.

*** ئەی کرێی کارەباکە بەچی هەژمار دەکرێت؟**

– بێگومان ئیمە سیستەمی هەژمارکردنی کارەبامان هەیە، یەکێکیان لە رێگەی ئەو پێوەرانە کە پێی دەوترێت سەعاتی کارەبا، ئەوانەی کە پێوەریشیان نییە بەشێوەی بڕاوە لێیان وەردگیرێت، بۆ نموونە ناوشار و قەزاو ناحیەکان بۆ هاوبەشی کارەبای سنگل فەیس یاخود تاک رەوگە، (٤٠) هەزار دینار وەردەگیرێت. بۆ ثری فەیس(سێ رەوگە) (١٠٠) هەزار دینار وەردەگیرێت، لەکۆمەڵگەو گوندەکانیش (٢٠) هەزار دینار بۆ مانگێک وەردەگیرێت، بێگومان ئەو پارەیە زۆر زیاترە لەوەی کە بە پێوەر بۆی حساب بکرێت، بۆیەش وا دانراوە تاکو فشارێک بێت لەسەر هاووڵاتی و پەلە بکات لە دانانی پێوەر و بەشێوەیەکی یاسایی کارەباکەی بۆ خۆی بەکاربهێنێت.

*** بەشێوەیەکی گشتی خەڵکێکی زۆر دەڵێن نرخەکان زۆرن، ئایا دەکرێت ئەو پارە وەرگرتنە بە شێوەی ئەمپیر بەراود بکەیت، چونکە خەڵکی زیاتر بەسیستەمی ئەمپێر ئاشنان؟**

– سەبارەت بەوەی کە نرخەکە زۆرە دەبێت بەراورد بکرێت بە نرخی تێچوو، وەک ئەوەی لەسەرەتاوەش ئاماژەم پێدا، کە نرخی هەر یەکەیەکی حکومەت بەپێی ئەژمارەکان هەر یەکەیەک بە ١٣٠ دینار لەسەر حکومەت دەوەستێت، بەڵام کە پێشتر یەکەکانم بۆ باس کردی و وەکو گوتم ئەگەر بێت و هاوبەشەکە جۆرە سەرپێچیەکیش بکات نرخەکەی نزیک

نابێتەوە لەو ١٣٠ دینارە، بۆیە تائیستاش ئەو نرخانەی کە دانراون بەراوردی بکەیت لەگەڵ تێچووی یەکەی کارەبا، هێشتا زۆر کەمە ئەوە لەلایەک، لە لایەکی دیکە تۆ باسی ئەمپێرت کرد، ئەگەر بەراوردی بکەین بەو شێوەیەیە بۆ نموونە تا مانگی (١٠) ئیمە نزیکە (١٦) کاتژمێر کارەبامان دەدا بە هاووڵاتیان، ئێستا بەهۆی هاتنی وەرزی زستان کەمتر بۆتەوە، بەڵام ئەگەر بێت و هەر هاوبەشێکی جۆری ماڵان (١٦) کاتژمێر کارەبا وەربگرێت و لەو (١٦) کاتژمێرە بەبەردەوامی (١٠) ئەمپێر کارەبا رابکێشێت، کە دەڵێم بەرەدوامی، چونکە خەڵکی کە لە موەلیدەی ئەهلی بۆ نموونە (٤) ئەمپێریان راکێشاوە، بەبەردوامی ئەو (٤) ئەمپێرە بەکارناهێنن، بەڵکو کەمتر ئەگەر تێکرای وەربگری رەنگە (٢) ئەمپێر یان (٣) ئەمپێر لەکاتێک لەکاتەکان بەکاربهێنێت، بۆیە ئەگەر بەبەردەوامی لە کارەبای نیشتمانی(١٠) ئەمپێر بەکاربهێنێت و (١٦) کاتژمێریش لە شەوو رۆژێکدا کارەبای هەبێت، کرێکەی لە مانگێکدا (١٧٥٠٠) دینار دەکات، ئەگەر بێت بەردەوامیش (١٦)ئەمپێر بەکاربهێنێت کرێکەی (٣٧٩٥٠) دینار دەکات، تەنانەت ئەگەر (٢٠) ئەمپێری بەردەوامیش رابکێشێت لە ١٦ کاتژمێرەکە، کرێکەی دەکات (٦٠٧٥٠) دینار، ئەگەر سەیری بکەیت کرێکان هێندە زۆر نین، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بەراوردێکی زیادبوونی ئەمپێرەکان بکەیت دەبینی(١٠) ئەمپێری بەردەوام (١٧٥٠٠) بوو بەڵام دوجاکەی کە بیست ئەمپێری بەردەوامە لە ماوەی (١٦) کاتژمێرەکە دەکاتە (٦٠٧٥٠) دینار، واتە کرێکەی چوار بەرامبەر بۆتەوە، مەبەستیش لەوە ئەوەیە کە هاووڵاتی کەمترین کارەبا بەکار بهێنێت. هەروەها ئەوەش بزانە (١٠) ئەمپێری بەردەوام بە خوارەوە بۆ ماڵێکی مامناوەند زۆرە کەم نییە.

***: خەڵکانێکی دیکە گلەیی لەوە دەکەن لەماوەی رابردوو کرێیەکی زۆریان بۆ هاتۆتەوە، ئایا ئەمە چۆن چۆنی بووە؟**

– بەڕاستی ئێمەش ئەو گلەییانەمان پێگەیشت، بۆیە بەدواداچوونمان بۆی کرد، کە دەڵێین بەدواداچون مەبەست لەوەیە هەر هاووڵاتییەک کە دێت گلەیی و گازندە لەبەشی فرۆشیاری وزە دەکات، تیمێکی لەگەڵ دەنێردرێت و تەئکید لەوە دەکەنەوە ئەو رەنووسەی کە لەلایەن ژمێریارەکە هاتووە و لە پێوەری ماڵی هاووڵاتی وەرگیراوە، ئایا بەدروستی هاتووە یان نا، دووەم خاڵ ئەگەر ئەوە بەدروستی هاتبوو پێوەرەکەی لێدەکرێتەوەو تێست دەکرێت، ئەگەر پێوەرەکەی دروست بوو و رەنووسی ژمێرکارەکەش دروست بێت، ئیدی دەردەکەوێت کە خاوەن ماڵ زیدەڕۆییەکی زۆری لە سەرفکردنی کارەبا کردووە، دوای بەدواداچوونەکان بۆمان دەرکەوت ئەو خەڵکانەی کە گلەییان لە زۆری کرێ هەیە یان کرێیەکی زۆریان بۆ هاتۆتەوە لەو دوو مانگە، دەرکەوت چەند جۆرێکن، جۆری یەکەمیان کە دەتوانم بڵێم زیاتر لە سەدا (٩٥) گلەیی و گازاندەکان بوون، لەوانە بوون کە رانەهاتوون لە بەکارهێنانی کارەبا بەشێوەیەکی دروست زیدەڕۆییەکی زۆریان لە خەرجکردنی کارەبادا کردووە و لەماوەی سالانی رابردووش رەنگە کرێی کارەبا بەو شێوەیە نەبووە یان هەر نرخێکی زۆر کەمبووە. جۆری دووەمیشیان لەوانەنە کە تۆ ئاماژەت پێدا و رەنگە دوو ساڵ لەمەوبەر یان ساڵێک یان ماوەیەکی زۆرە کرێی کارەبای نەداوەو یان ژمێرکار نەیتوانیوە پێوەرەکەی بخیوێنێتەوە، لەکاتێکیشدا کە دەچێت پێوەرەکەی دەخوێنێتەوە ئەو یەکانە دەینێتەوە کە لەوماوە درێژە خەرجی کردووە، بەمەش هاوبەش دووچاری دوو کێشە دەبێت، یەکێکیان ئەوەیە کە پارەکەی لەسەر کۆبۆتەوە ئەوی دیکەیان ئەوەیە کە لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٩) نرخی کارەبا گۆڕاو زیادبوو، ئەو نرخەی لە کۆمپیوتەریش جێگیر کراوە بێگومان نرخە نوێکەیە، کەچی ئەو یەکە کارەباییانەی کە هاووڵاتییەکە بەر لەو مێژووە بەکاری هێناوە دەبێت بە نرخی پێشووتر بۆی هەژماربکرێت، کەچی سیستمی کۆمپیۆتەر یەک سیستەمی تیایە، بۆیە ئەوانە کە سەردان دەکەن نرخەکەیان بۆ چاک دەکریتەوە، بەشێوەیەک ئەو کارەبایەی کە لە پێش ساڵی (٢٠٠٩)ی سەرف کردووە بە سیستەمی نرخی کۆن بۆی هەژمار دەکرێت، بەڵام گرفتی کەڵەکەبوونی پارەکەی هەر دەمێنێت. حاڵەتی سێیەمیش ئەوانەیە کە ژمێرکار کە رەنووسەکانی پێوەرەکەی تۆمار کردووەو هێناویەتەوە رەنگە هەڵەی لە ژمارەکان کردبێت، بۆ نموونە کە رەنووسەکان ئینگلیزین رەنگە ٣ یەکی لە خانەی هەزاران کردبێتە (٦) ئەوەش گۆڕانکاریەکی زۆر دروست دەکات، ئەو حاڵەتانەش هەیە، بەڵام کەمن. حاڵەتی چوارەم ئەوەیە دوای بەدواداچوون دەرکەوتوە پێوەرەکە بەدروستی کار ناکات و خێرا دەڕوات، ئەم حاڵەتەش چارەسەر دەکرێت و پێوەرەکەی بۆ چاکدەکرێتەوە یاخود پێوەرەیکی تازە دەکرێت و دایدەنێت و کرێکەشی بۆ چاکدەکرێت. ئیدی ئەمە تێکڕای حاڵەتەکانن، بەڵام بەپێی ئەو ئامارانەی داومەتە دەست ئێوە گرفتەکان کەمترن لەوەی کە باسیان لێوە دەکرێت.

*** بۆ نموونە هاووڵاتی هەیە ٦٠٠ هەزار دیناری بۆ هاتۆتەوەو ناتوانێت ئەو پارەیە بەجارێک بدات و ئایا ئێوە چ چارەسەرێکی بۆ دەبیننەوە؟**

– ئەگەر لەگەڵ ئەو بڕە پارە زۆرەی بە هۆی هۆکارەکانی سەرەوە بێت ئەوە بەدواداچوونی بۆ دەکەین، دوای بەدواداچوونەکە ئەگەر لەسەری جێگیر بوو کە بەکردەیی ئەو کارەبایەی بەکار هێناوە ئەوکات لە توانام داهەیە بۆی بکەین بەسێ قیست و دەتوانێت بەسێ قست پارەکە بدات.

*** ئەی یەکەی شوێنە بازرگانیەکان چۆن هەژمار دەکرێت؟**

– نرخەکانی وەکو ئەوەی ماڵان لەسەر سیستەمی بەرزبونەوەیە، لەیەک یەکە تاکو (٦٠٠)یەکە (٢٥) دینارە، لە (٦٠٠) یەکە تا (٩٠٠) یەکە دەبێتە ٣٥ دینار، (٩٠٠) یەکە (١٥٠٠) دەبێتە (٥٠) دینار و بەم شێوەیە بەرز دەبێتەوە.

*** بەپێی سیستمی نوێی کارەبا هاوبەشانی جۆری ماڵان ئەگەر لە مانگێکدا**

– لەیەک یەکە تاکو ٤٥٠ یەکە سەرف بکات، نرخی هەر یەکەیەک ١٥ دینارە.

– لە (٤٥٠) یەکە تاکو (٩٠٠) یەکە دەبێتە ٢٠ دینار.

– لە ٩٠٠یەکە تاکو ١٥٠٠ دەبێتە ٣٥ دینار.

– لە (١٥٠٠) یەکە تا (٢١٠٠) یەکە دەبێتە ٦٠ دینار و بەم شێوەیە بەرزدەبێتەوە.

*** بۆ ئەو هاوبەشانەی کە پێوەریشیان نییە بەشێوەی بڕاوە پارەیان لێ وەردگیرێت؟**

– بۆ ناوشار و قەزاو ناحیەکان بۆ هاوبەشی کارەبای سنگل فەیس یاخود تاک رەوگە ٤٠ هەزار دینار.

– بۆ ثری فەیس(سێ رەوگە) (١٠٠)هەزار دینار.

– لەکۆمەڵگەو گوندەکانیش (٢٠) هەزار دینار بۆ مانگێک وەردەگیرێت

*** بۆ هاوبەشانی جۆری بازگانی کشتوکاڵی و پیشەسازی ئەگەر لە مانگیکدا**

– لەیەک یەکە تاکو (٦٠٠) یەکە سەرف بکەن (٢٥) دینارە.

– لە ٦٠٠یەکە تا (٩٠٠)یەکە دەبێتە (٣٥) دینار.

– لە(٩٠٠)یەکە تا (١٥٠٠)یەکە دەبێتە (٥٠) دینار و بەم شێوەیە بەرز دەبێتەوە.

***لەخولی رابردووی پارە وەرگرتن لە هاوبەشی جۆری ماڵان بەپێی ئاماری بەڕیوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای هەولێر**

– (١٤١٦٩٨) هاوبەش لە (١٠٠٠) دینار تا (٤٠٠٠٠)دیناری لێوەرگیراوە

– (٢٤٨٨١) هاوبەش لە(٤١٠٠٠) دینار تا (١٠٠٠٠٠) دیناری لێوەرگیراوە

– ٦١٩٧ هاوبەش (١٠١٠٠٠) دینار تا (٢٠٠٠٠٠) دیناری لێوەرگیراوە

– نزیکەی ٣٠٠٠ هاوبەش لە(٢٠٠٠٠٠) دینار زیاتری لێوەرگیراوە.